# وانەی ٧٣: عیسا دەبێتە هۆی دووبەرەکی

مەتا ١٥، ١٦ و یۆحەنا ٧

لە وانەی ڕابردووماندا بینیمان پەروەردگار عیسا وای کرد پێنج نان و دوو ماسی زیاد بکات و خەڵکانێك کە زیاتر لە پێنج هەزار کەس دەبون نان بدات. لە ڕۆژی پاشتریش کۆمەڵە خەڵکێکی زۆر چواردەورەی عیسایان گرت، بەڵام عیسا کەوا دڵەکانیانی دەناسی پێیانی فەرموو، ( ئێوە داوام دەکەن نەک لەبەر ئەوەی نیشانەتان بینی، بەڵکو لەبەر ئەوەی لە نانەکەتان خوارد و تێر بوون. بۆ خۆراکێک ئیش مەکەن کە لەناودەچێت، بەڵکو بۆ خۆراکێک کە بۆ ژیانی تاهەتایی دەمێنێتەوە! منم نانی ژیان. ئەوەی بێتە لام هەرگیز برسی نابێت، ئەوەش باوەڕم پێ بهێنێت هەرگیز تینووی نابێت.) (یۆحەنا ٦: ٢٦، ٢٧، ٣٥)

بەداخەوە، زۆربەی خەڵکەکە پشتیان لە عیسا کرد و چی دی شوێنی نەکەوتن لەبەر ئەوەی بەهایان بە خواردنی جەستە دا نەك خواردنی گیان. بەڵام هەندێك بەردەوام بوون لە شوێن کەوتنی عیسا لەبەر ئەوەی لەناخی دڵیانەوە باوەڕییان بەوە بوو کە عیسا ئەو کەسە پیرۆزەیە لەلایەن خوداوەیە و سەرچاوەی ژیانی تاهەتاییە.

ئێستا پلانمان وایە بەردەوام بین لە خوێندنەوەی ئینجیلیی پیرۆز و ببینین چۆن ڕابەرە ئاینیەکانی جولەکە ڕوو بە ڕووی عیسا بوونەوە، و چۆن جولەکە بوون بە دوو بەش لەبەر عیسا. پێش ئەوەی دەست پێ بکەین، باشترە بزانین کە شارەزا ئاینیەکان کە ناسرابوون بە فەریسیەکان، و زۆربەی جولەکەکان شوێنی ئەو داب و نەریتە دەکەوتن کە خۆیان و باووباپیریان دایانمەزراندبوو. بۆ نموونە، کاتێ لە شوێنێکی گشتی دەگەڕانەوە، هیچیان ناخوارد تاکو بە شێوەیەك خۆیان نەشوشتبایە. وا زۆر داب و نەریتی تریان هەبوو وەك چۆنیەتی شوشتنی بەرداغ و قوری و کتریەکانیان تاکو (خاوێن) بن.

بخوێنەوە چی نووسراوە لە بەشی پازدەی ئینجیلی مەتا. نووسراوی پیرۆز دەفەرموێ: (مەتا ١٥) [1] ئینجا فەریسی و مالمەکان لە ئۆرشەلیمەوە هاتنە لای عیسا و وتیان: [2] (بۆچی قوتابییەکانت نەریتی پیران دەشکێنن؟ پێش نانخواردن دەستیان ناشۆن!) [3] ئەویش وەڵامی دانەوە: (ئەی بۆچی ئێوە لەبەر نەریتی خۆتان ڕاسپاردەی خودا دەشکێنن؟ [4] چونکە خودا فەرموویەتی: {ڕێزی دایک و باوکت بگرە} ، {ئەوەی نەفرەت لە باوکی یان دایکی بکات، دەبێ بکوژرێت.} [5] بەڵام ئێوە دەڵێن: (ئەوەی بە دایکی یان باوکی بڵێت، ئەوەی لە منی وەردەگرن، قوربانییە، [6] ئیتر ڕێز لە باوکی ناگرێت.) جا لەبەر نەریتی خۆتان وشەی خودا لەکاردەخەن. [7] ئەی دووڕووان! سەبارەت بە ئێوە ئیشایا پێشبینی باشی کردووە و دەڵێت: [8] {ئەم گەلە بەسەر لێوان ڕێزم لێ دەگرێت، بەڵام دڵی لێم دوورە. [9] ئەوان بەخۆڕایی دەمپەرستن، فێرکردنێک فێردەکەن کە ڕاسپاردەی خەڵکە.})

سەرنجی ئەوەت دا چۆن عیسا دوو ڕوویی فەریسیەکان و مالمەکان دەرکرد لە پێش هەمووان؟ ڕابەرە ئاینیەکان هەوڵیان دەدا بەرامبەر خەڵك ڕاستودروست بن، بەڵام پەروەردگار عیسا دەیزانی چی هەیە لەناو دڵیان. ڕەنگە دەستەکانیان و پێیەکانیان و دەموچاویان پاك بێت، بەڵام دڵەکانیان بەدەردی گوناهەوە چۆن بوو! دڵێکی خاوێن زۆر گرنگترە لە دەستێکی خاوێن. شووشتنی بەردەوام دڵت پاك ناکاتەوە. ئەگەر مەنجەڵێکت هەبێت کەوا لە ڕووی ناوەوەی پیس بێت، ئایا تەنها شوشتنی ڕووی دەرەوەی مەنجەڵەکە پاك دەکاتەوە؟ نەخێر، پاکی ناکاتەوە ! بە هەمان شێوە ئەو کردارە ئاینیانەی جولەکە شوێنی دەکەوتن نەیدەتوانی ئەو گوناهەی ناو دڵەکانیان لاببات. لەبەر ئەوە عیسا پێیانی فەرموو: (مەتا ١٥) [7] ئەی دووڕووان! سەبارەت بە ئێوە **پێغەمبەر** ئیشایا پێشبینی باشی کردووە و دەڵێت: [8] (ئەم گەلە بەسەر لێوان ڕێزم لێ دەگرێت، بەڵام دڵی لێم دوورە. [9] ئەوان بەخۆڕایی دەمپەرستن، فێرکردنێک فێردەکەن کە ڕاسپاردەی خەڵکە.)

[١٠] عیسا خەڵکەکەی بانگ‌کرد و پێی فەرموون: (گوێبگرن و تێبگەن. [١١] ئەوەی دەچێتە ناو دەم مرۆڤ گڵاو ناکات، بەڵکو ئەوەی لە دەم دێتە دەرەوە، ئەمە مرۆڤ گڵاو دەکات.) [١٢] ئینجا قوتابییەکان هاتنە پێش و پێیان وت: (دەزانی کاتێ فەریسییەکان گوێیان لە قسەکە بوو بێزار بوون.) [١٣] وەڵامی دایەوە: (هەر ڕووەکێک باوکی ئاسمانیم نەیچاندبێت، هەڵدەکەندرێت. [١٤] وازیان لێ بهێنن، ئەوانە کوێرن ڕابەرایەتی کوێرەکان دەکەن. ئەگەر کوێر ڕابەرایەتی کوێر بکات، هەردووکیان دەکەونە چاڵەوە.)

[١٥] پەترۆس پێی‌ووت: (ئەم نموونەیەمان بۆ ڕوون بکەوە.) [١٦] عیسا فەرمووی: (ئێوەش هێشتا تێناگەن؟ [١٧] نازانن هەرچی دەچێتە ناو دەم دەڕواتە ناو سک، دوایی فڕێدەدرێتە دەرەوە؟ [١٨] بەڵام ئەوەی لە دەم دێتە دەرەوە، لە دڵەوە دەردەچێت و ئەمە مرۆڤ گڵاو دەکات. [١٩] چونکە بیری خراپ لە دڵەوە دەردەچێت، کوشتن، داوێنپیسی، بەدڕەوشتی، دزی، شایەتی درۆ، کفرکردن. [٢٠] ئەمانە مرۆڤ گڵاو دەکەن. بەڵام خواردن بەبێ دەست شوشتن مرۆڤ گڵاو ناکات.)

[٢٩] ئینجا عیسا لەوێ ڕۆیشت و هاتە لای دەریای جەلیل، چووە سەر شاخێک و لەوێ دانیشت. [٣٠] ئەوەبوو حەشاماتێک هاتنە لای، شەل و کوێر و گۆج و لاڵ و زۆری دیکەشیان لەگەڵبوو، لەبەرپێی دایانان، ئەویش چاکی‌کردنەوە. [٣١] تەنانەت خەڵکەکە سەرسام بوون کە بینییان لاڵ قسەدەکات و گۆج چاک‌دەبێتەوە و شەل دەڕوات و کوێر دەبینێت، جا ستایشی خودای ئیسرائیلیان کرد.

(مەتا ١٦) [١] فەریسی و سەدوقییەکان هاتنە لای عیسا بۆ ئەوەی تاقی بکەنەوە، داوایان لێکرد لە ئاسمانەوە نیشانەیەکیان پیشان بدات. [٢] وەڵامی دایەوە: (کە ئێوارە داهات، دەڵێن (ساماڵە، چونکە ئاسمان سوور هەڵگەڕاوە.) [٣] لە بەیانیش، (ئەمڕۆ هەورە، ئاسمان سوور هەڵگەڕاوە و گرژە.) ئێوە دەزانن ڕووی ئاسمان بخوێننەوە، بەڵام ناتوانن نیشانەکانی زەمانە لێک‌بدەنەوە! [٤] نەوەیەکی بەدکار و داوێنپیس داوای نیشانە دەکات، نیشانەی نادرێتێ، جگە لە نیشانەی یونس.) ئینجا بەجێی‌هێشتن و ڕۆیشت.

(مەتا ١٢) [٤٠] جا چۆن یونس سێ ڕۆژ و سێ شەو لەناو سکی ماسییەکی زەبەلاحدا بوو، ئاواش کوڕی مرۆڤ سێ ڕۆژ و سێ شەو لە ناخی زەویدا دەمێنێتەوە. [٤١] لە لێپرسینەوەدا خەڵکی نەینەوا، لەگەڵ ئەم نەوەیە ڕادەوەستن و تاوانباری دەکەن، چونکە بە جاڕدانەکەی یونس تۆبەیان کرد. ئەوەتا لە یونس گرنگتر لێرەیە.

بەو شێوەیە عیسا پێشبینی کرد کە وەك چۆن پێغەمبەر یونس لەناو سکی حوتەکە بوو بۆ سێ ڕۆژ، بە هەمان شێوە سێ ڕۆژ بەسەر دەبا لەناو گۆڕ. و وەك چۆن یونس لە سێیەم ڕۆژ هاتە دەرەوەی **ماسییەکی زەبەلاحدا** ، عیساش لە سێیەم ڕۆژ لە مردن هەڵدەستێتەوە، و بەو شێوەیە بەڵگەیەك پێشکەش دەکات کە ئینکاری لێ نەکرێت کەوا ئەو عیسای مەسیحە لە ئاسمانەوە، ئەو کەسەی هات بۆ ئەوەی ڕزگارمان بکات لە هێزی گوناه و مردن و دۆزەخ!

با بەردەوام بین لە خوێندنەوەی ئینجیل و ببینین چۆن ڕابەرە ئایینیەکان سوور بوون لە سەر بێ باوەڕییان. لە بەشی حەفتەمی ئینجیلی یۆحەنا، نووسراوی پیرۆز دەفەرموێ: (یۆحەنا ٧) [١] دوای ئەمانە عیسا بە جەلیلدا دەگەڕا و نەیدەویست لە یەهودیا بگەڕێ، چونکە جولەکەی ئەوێ هەوڵیان دەدا بیکوژن. [٢] جەژنی کەپرەشینەی جولەکەش نزیک بوو، [٣] براکانی پێیان وت: (ئێرە بەجێبهێڵە و بڕۆ یەهودیا، تاکو قوتابییەکانی خۆشت کارەکانت ببینن کە تۆ دەیکەیت. [٤] چونکە کەس بە نهێنی شتێک ناکات ئەگەر بیەوێ ئاشکرا بێت. ئەگەر ئەم شتانە دەکەیت، خۆت پیشانی جیهان بدە.) [٥] چونکە براکانیشی باوەڕیان پێی نەدەکرد.

[٦] عیساش پێی فەرموون: (جارێ کاتم نەهاتووە، بەڵام هەردەم کاتی ئێوە گونجاوە. [٧] جیهان ناتوانێت ڕقی لێتان بێتەوە، بەڵام ڕقی لە من دەبێتەوە، چونکە شایەتی لەسەر دەدەم کە کردەوەی خراپە. [٨] ئێوە بڕۆنە جەژنەکە، من نایەمە ئەم جەژنە. چونکە هێشتا کاتم تەواو نەبووە.) [٩] ئەمانەی فەرموو و لە جەلیل مایەوە.

١٠ بەڵام کە براکانی بۆ جەژنەکە چوون، ئەویش ڕۆیشت، بەڵام بە ئاشکرا نا، بەڵکو وەک بە نهێنی. ١١ جولەکە لە جەژنەکەدا بە دوایدا دەگەڕان و دەیانووت: «ئەو لەکوێیە؟» ١٢ لەنێو خەڵکەکەدا چرپەچرپێکی زۆری لەسەر بوو، هەندێکیان دەیانووت: «چاکە.» خەڵکی دیکەش دەیانووت: «نەخێر، بەڵکو خەڵک گومڕا دەکات.» ١٣ بەڵام کەس لە ترسی جولەکەکان بە ئاشکرا باسی نەدەکرد.

١٤ کاتێ نیوەی جەژن بوو، عیسا چووە پەرستگا و خەڵکی فێردەکرد. ١٥ جولەکەکان سەرسام بوون و پرسییان: «ئەمە کە فێرنەکراوە چۆن ئەم هەموو زانیارییەی هەیە؟» ١٦ بۆیە عیسا وەڵامی دانەوە: «فێرکردنم هی خۆم نییە، بەڵکو هی ئەوەیە کە ناردوومی. ١٧ ئەگەر کەسێک بیەوێت بە خواستی ئەو بکات، لە فێرکردن دەزانێت ئاخۆ هی خودایە یان لە خۆمەوە دەدوێم. ١٨ ئەوەی لە خۆیەوە بدوێت، داوای شکۆی خۆی دەکات، بەڵام ئەوەی داوای شکۆی ئەوە بکات کە ناردوویەتی، ئەمە ڕاستگۆیە و فڕوفێڵی تێدا نییە. ١٩ ئایا موسا تەوراتی نەداونەتێ؟ بەڵام کەس لە ئێوە بە تەورات ناکات. بۆچی هەوڵی کوشتنم دەدەن؟»

٢٠ خەڵکەکە وەڵامیان دایەوە: «ڕۆحی پیست هەیە! کێ هەوڵی کوشتنت دەدات؟»

٢١ عیسا پێی فەرموون: «کارێکم کرد و هەموو سەرسام بوون. ٢٢ بۆیە موسا خەتەنەکردنی دایە ئێوە - ئەمە لە موساوە نەبوو بەڵکو لە باوکانەوە بوو - لە شەممەش مرۆڤ خەتەنە دەکەن. ٢٣ ئەگەر مرۆڤ لە شەممە خەتەنە بکرێت تاکو تەوراتی موسا نەشکێت، باشە لە من تووڕە دەبن کە لە شەممە سەراپای مرۆڤێکم چاککردەوە؟ ٢٤ بە ڕواڵەت حوکم مەدەن، بەڵکو حوکمێکی دادپەروەرانە بدەن.»
٣٠ بۆیە هەوڵیان دەدا بیگرن، بەڵام کەس دەستی بۆ درێژ نەکرد، چونکە هێشتا کاتی نەهاتبوو. ٣١ زۆر لە خەڵکەکەش باوەڕیان پێی هێنا و وتیان: «ئایا کاتێ مەسیح دێت، نیشانەی زیاتر دەکات لەوەی ئەمە کردوویەتی؟» ٣٢ فەریسییەکان گوێیان لێبوو کە خەڵکەکە لەسەر ئەو چرپەچرپی ئەمانەیانە، جا کاهینانی باڵا و فەریسییەکان خزمەتکاریان نارد تاکو بیگرن.

٣٧ لەدوایین ڕۆژی گەورەی جەژن، عیسا ڕاوەستا و هاواری کرد: «ئەگەر یەکێک تینووی بوو با بێتە لام و بخواتەوە. ٣٨ ئەوەی باوەڕم پێ بهێنێت، وەک نووسراوەکە فەرموویەتی، لە ناخییەوە ڕووبارەکانی ئاوی زیندوو دەڕوات.» ٣٩ لێرەدا مەبەستی لە ڕۆحی پیرۆز بوو، کە خەریکە باوەڕداران بەو وەری دەگرن، بەڵام هێشتا ڕۆحەکە نەدرابوو، چونکە عیسا شکۆدار نەببوو. ٤٠ هەندێک لە خەڵکەکە کە گوێیان لەم قسانە بوو، وتیان: «ئەمە بە ڕاستی پێغەمبەرەکەیە.» ٤١ هەندێکی دیکە، وتیان: «ئەمە مەسیحەکەیە.» بەڵام هەندێک وتیان: «باشە مەسیح لە جەلیلەوە دێت؟ ٤٢ ئایا نووسراوەکە نافەرمووێت، مەسیح لە ڕەچەڵەکی داود و لە بێتلەحمەوە دێت، گوندەکەی داودی لێبووە؟» ٤٣ بۆیە بەهۆی ئەو دووبەرەکی کەوتە نێوان خەڵکەکە. ٤٤ هەندێک لەوان ویستیان بیگرن، بەڵام کەس دەستگیری نەکرد.

٤٥ ئەوسا خزمەتکارەکان گەڕانەوە لای کاهینانی باڵا و فەریسییەکان، ئەوانیش پێیان وتن: «بۆچی نەتانهێنا؟» ٤٦ خزمەتکارەکان وەڵامیان دایەوە: «هەرگیز کەس وەک ئەمە قسەی نەکردووە!»

٤٧ فەریسییەکان وتیان: «ئایا ئێوەش گومڕا بوون؟ ٤٨ باشە کەس لە سەرۆکەکان یان فەریسییەکان باوەڕی پێ هێناوە؟ ٤٩ بێجگە لەم خەڵکە نەفرەت لێکراوە کە لە تەورات نازانێت.» ٥٠ نیقۆدیمۆس کە پێشتر هاتبووە لای عیسا و یەکێک بوو لەوان، پێیووتن: ٥١ «ئایا تەوراتمان یەکێک حوکم دەدات ئەگەر یەکەم جار گوێی لێ نەگیردرێ و بزانرێت چی کردووە؟» ٥٢ وەڵامیان دایەوە: «تۆش جەلیلیت؟ بگەڕێ و ببینە، لە جەلیلدا پێغەمبەر هەڵناکەوێت.» ٥٣ ئیتر هەریەکە چۆوە ماڵی خۆی.

بینیمان چۆن کاهینەکان و مالمەکان و فەریسیەکان عیسایان هەراسان دەکرد. دەیانویست بیگرن و بیکوژن، بەڵام نەیاندەتوانی هیچی لێ بکەن لەبەر ئەوەی ئەو کاتەی خودا بۆ عیسای دانا بمرێ وەك قوربانی بۆ گوناە هێشتا نەهاتبوو.

بەداخەوە، زۆربەی پیاوە ئاینە جولەکەکان دڵیان ڕەق بوو. قێزیان لە عیسا بووەوە و هەڕەشەی دەرکردنیان لە کەنیشتەکە دەکرد لەهەر کەسێك کە بیوتایە عیسا مەسیحە. بۆیە دووبەرەکی کەوتە ناو خەڵکەکە لەبەر عیسا. کەس نەیدەتوانی بە ئاشکرا هیچ شتێك بڵێت دەربارەی عیسا لەبەر ئەوەی لە پیاوە ئایینی و کاهینەکان دەترسان. بەدزیەوە و لەنێوان خۆیاندا، هەندێك دەیان ووت: «چاکە.»

خەڵکی دیکەش دەیانووت: (نەخێر، بەڵکو خەڵک گومڕا دەکات!) و هەندێکی تریش دەیان پرسی: (ئایا کاتێ مەسیح دێت، نیشانەی زیاتر دەکات لەوەی ئەمە کردوویەتی؟)

تۆ چی دەڵێیت دەربارەی عیسا؟ ڕات چیە دەربارەی ئەو؟ ئایا باوەڕت هەیە کە عیسا ئەو مەسیحەیە کە پێغەمبەران هەموویان دەربارەیان نووسیوە؟ یاخود تۆش پێت وایە عیسا تەنها پێغەمبەرێك بوو؟ دەبا کەس گومڕات نەکات لەم مەسەلەیە. مەسیرت لە دوا ڕۆژدا پشت بەوەڵامت بۆ ئەم پرسیارە دەبەستێ! ئایا دەزانی عیسا بەڕاستی کێیە؟ دەزانی بۆچی هاتە جیهانەوە؟ عیسا فەرمووە دەربارەی خۆی: (منم ڕێگا و ڕاستی و ژیان. کەس نایەتە لای باوکە بەهۆی منەوە نەبێت... بۆ ئەمە لەدایک بووم و بۆ ئەمەش هاتوومەتە جیهان، تاکو شایەتی بۆ ڕاستی بدەم. هەر کەسێک لە ڕاستییەوە بێت گوێ لە دەنگم دەگرێت.) (یۆحەنا ١٤: ٦ و ١٨: ٣٧)

تۆ لەکام لای؟ ئایا حەز دەکەی لایەنگری ڕاستی بیت — تەنانەت ئەگەر ئەوە مانای ئەوە بێت ڕەت بکرییتەوە لەلایەن خێزانەکەتەوە؟ پەروەردگار عیسا دەربارەی خۆی فەرمووە: (وا مەزانن کە هاتووم تاکو ئاشتی بهێنمە سەر زەوی... من هاتووم بۆ هەڵگەڕاندنەوەی {کوڕ لە باوکی و کچ لە دایکی و بووک لە خەسووی. دوژمنی مرۆڤیش لە خانەوادەکەی خۆی دەبێت.} ئەوەی باوک یان دایکی لە من خۆشتربووێت، شایانی من نییە. ئەوەی کوڕ یان کچی لە من خۆشتربووێت، شایانی من نییە.) (مەتا ١٠: ٣٤–٣٧)

لەگەڵمان بن بۆ وانەی داهاتوو کاتێ بەردەوام دەبین لە خوێندنەوەی ئینجیل بۆ ئەوەی ببینین چۆن عیسا پیاوێکی چاککردەوە لە کوێری زگماکەوە.

خوداش بەرەکەتدارت بکات کاتێ سەرنجی ئەم ووشانەی عیسای مەسیح دەدەیت: (هەر کەسێک لە ڕاستییەوە بێت گوێ لە دەنگم دەگرێت!) (یۆحەنا ١٨: ٣٧)



# گرنگترینی پرسیارەکانی ئەم وانەیە:

١. سەرنجی ئەوەت دا چۆن عیسا دوو ڕوویی فەریسیەکان و مالمەکان دەرکرد لە پێش هەمووان؟

٢. ئەگەر مەنجەڵێکت هەبێت کەوا لە ڕووی ناوەوەی پیس بێت، ئایا تەنها شوشتنی ڕووی دەرەوەی مەنجەڵەکە پاک دەکاتەوە؟

٣. تۆ چی دەڵێیت دەربارەی عیسا؟ ڕات چیە دەربارەی ئەو؟

٤. ئایا باوەڕت هەیە کە عیسا ئەو مەسیحەیە کە پێغەمبەران هەموویان دەربارەیان نووسیوە؟ یاخود تۆش پێت وایە عیسا تەنها پێغەمبەرێك بوو؟

٥. ئایا دەزانی عیسا بەڕاستی کێیە؟ دەزانی بۆچی هاتە جیهانەوە؟ تۆ لەکام لای؟

٦. ئایا حەز دەکەی لایەنگری ڕاستی بیت — تەنانەت ئەگەر ئەوە مانای ئەوە بێت ڕەت بکرییێتەوە لەلایەن خێزانەکەتەوە؟

**ڕێگای ڕاست و دروستی:**
**وەرزی خوێندنەوەی کتێبی پیرۆز**
(٢٠١٦)
Old Testament, Sorani (Draft), International Bible Society, 2005, 2009, 2011; Psalms, Biblica, 2013
Kurdish New Testament, International Bible Society, 1998; Biblica, 2011
ئەم خوێندنەوە لە {***The Way of Righteousness*** by Paul Bramson, 1998} بەخەش کراوەتە.
**بەرهەم هێنەر: کۆمەڵەی ڕێگای ڕاستودروستی**
**www.rrdk.org**
**rrd2011@yahoo.com**